ڕەهەندی "قووڵایی" ئەنفال لە ڕامانی "مەهاباد قەرەداغی" دا

سازدانی دیمانە: سمکۆ سابیر

سمکۆ سابیر/ پەلامار و هێرشی نەگریسی ئەنفال بۆ سەر کورد لە بەهاری 1988 لە لایەن بەعسەوە پەیوەندی بە مێژووی ئەو کلتوورەوە هەیە؟

مەهاباد قەرەداغی: گرنگە بەم پرسیارە وتووێژەکەت دەستپێکرد. پەیوەست بە کاتاستڕۆفی ئەنفال، کە ڕیزە پەلامارێک بوون بۆ سەر گەلی کورد و ئێمە هەتا ئێستا تەنها بەعس و سەرانی بەعس بە ئەنجامدەرەکەی دەزانین، زۆر پێویستە چاومان تیژتر و ڕامانمان قووڵتر بکەین و هەموو ڕەهەندەکانی ئەو کاتاستڕۆفە ببینین.
هەر لە ناونانی ئەو هێرشانەوە بە "ئەنفال" بیگرە و، بە درێژایی ئەنجامدانی ئەو پرۆسە ترسناکە و ئەنجامەکەشی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەعس داهێنەری ئەنفال نەبووە، بەڵکە گەشەپێدەری تیۆرییەک بووە کە پێشتر هەبووە، درێژەپێدەری کلتوورێک بووە کە مێژوویەکی هەیە، کلتووری زەبروزەنگ.
ئێمە کە لە ئەنفال دەکۆڵینەوە نابێت تەنها ڕەهەندی درێژی و پانی، قەوارە و ژمارە لە بەرچاو بگرین. کە باسمان لە کاتاستڕۆفی ئەنفال کردبێ هەتا ئەمڕۆش هێشتا تەنها باسمان لەو ڕووبەرانەی کوردستان کردووە کە پەلامار دران و تەنها گووتوومانە دێهاتەکانی کوردستان و بە تایبەتی گەرمیان، گووتوومانە 182 هەزار کەس ئەنفال کران و زیندەبەچاڵ کران، گووتوومانە ئەنفال جینۆسایدە و بە مەبەستی لەڕەگەوەدەرکێشانی نەژادێک لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام دراوە. ئەمانە هەموویان ڕاستن، بەڵام ئێمە ڕەهەندێکی سەرەکی و گرنگمان فەرامۆش کردووە و سەرنجمان نەداوە و سەرنجی کەسمان بۆی ڕانەکێشاوە، ئەویش ڕەهەندی "قوڵایی"یە.
ئێمە کە لە کاتاستڕۆڤی ئەنفال دەکۆڵینەوە، زۆر گرنگە بە قووڵاییدا ڕۆبچین و ڕەهەندی قووڵایی لە بیر نەکەین. مەبەستم لەم ڕەهەندەش ئەوەیە کە تەنها ڕووبەری کارەساتەکان نەبینین و لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو کلتوورەش بکۆڵینەوە کە توانیویەتی ڕژێمێکی وەک بەعس بگرێتەخۆی و پەروەردەی بکات. ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆرەکەی کە ئەنفالکار و ستەمکار بوون، کە دڕندە و تۆقێنەر بوون، کە دیناسۆری ئەو دەڤەرە بوون بە تایبەتیش کوردیان هەراسان کردبوو، لە خۆیانەوە دروست نەبوون ، بەڵکە زەمینەیەک بۆ دروستبوونیان تەخت بوو. کام زەمینە و چۆن ئەم زەمینەیە ساز بوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش پێویستە نەک تەنها بە چاوەکانی پێشەوەی سەر بڕوانین، بەڵکە پشتی سەریشمان چاو بێت. واتە ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە، لە مێژووی ئەوان و خۆمان، لە میتۆلۆژیای ئەوان و خۆمان، لە کلتووری ئەوان و خۆمان، لە سروشتی کەسایەتی ئەوان و خۆمان، لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەوان و خۆمان بڕوانین و بکۆڵینەوە و بەرەنجامێکی لێ وەدەستبهێنین کە بشێ بیکەین بە تیۆرییەکی باوەڕپێکراو و برەودار.

www.kurdistanet.org

ڕاسته ئەنفال ناوی زنجیره پەلامارێک بوو سوپای دەوڵەتی عێراق بۆ سەر کوردستان و گەلی کورد کردیان و ساڵی 1988 ئەنجام درا و 182 هەزار مرۆڤی کوردی تێداچوون و چوارهەزار و پێنجسەد گووند و دیهاتی تیا تەخت کرا، بەڵام کارەساتەکە هەر ئەوەندە نییە و ئێمە ئەگەر تەنها باسی ئەمانە بکەین و تەنها ئەمانە بە زیان بزانین، مانای ئەوەیە چاومان لە زۆر شت پۆشیووە و تاوانەکانی بەعسمان زۆر بچووک کردۆتەوە و لە زۆر مافی خۆمان خۆش بووین. واتە خۆمانیش بەشێکمان لەو زەمینەیە خۆش کردووە کە دوژمنەکانمان بۆ چەوساندنەوە و پەلامار و کوشتن و بڕینمان بە کاریان هێناوە.

"ئەنفال" تەنها ناوێک نییە لە پەلامارەکان بنرێ و بەعس تەنها بۆ خۆشی و بۆ جوانی ناوی ئەو پەلامارانەی نەنا ئەنفال، بەڵکە ئەو پشتی بە کلتوور و بە مێژوویەک بەست کە تیۆرییەکی وای تێدا ئامادە بوو، پشتی بە زەمینەیەک بەست کە بۆ ئەو جۆرە سزا و پەلامارانە تەخت بوو. ئەو پەلامارانە ئەگەر ناوی ئەنفال نەبووایە، ئێمە دەبووایە لە دووی ڕەهەندی تر بگەڕێین و تەنها بەعس و سەرانی ئەو ڕژێمە بە تاوانبار بزانین بەرامبەر بە جینۆسایدی کورد، بەڵام خودی ئەو هەڵبژاردنەی بەعس بۆ ناوی ئەو پەلامارانە بە "ئەنفال" کاری ئێمە وەک لێکۆڵەر و نووسەر، کاری سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی کورد ئاسانتر دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لەو کارەساتە و ڕامان لێی.
بەعس ئیلهامی زۆری لە مێژووی ئیسلام و نەتەوەی عەرەب، لە کلتووری ئیسلام و نەتەوەی عەرەب وەرگرتووە و تیۆرییەکانی ڕابردووی هێناوە و گەشەی پێداوە. بە خۆڕایی نەبوو کە ناوی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانی نا "القادسیە"، بە خۆڕایی نەبوو کە سەری زمان و بنی زمانیان ناوی خالد بن وەلید، قەعقاع، تارق بن زیاد و هتد بوو، بە خۆڕایی نەبوو سەددام هەوڵی چەواشەکردنی هەموو شتێکی دەدا و دەیویست بە حەوت پشت خۆی بگەیەنێتە سەر نەسلی پێغەمبەری موسوڵمانان. هەمووی بیرلێکراوە بوو، هەر بۆ خۆشی نەبوو کە سەددام لە سەر ئاڵای عێراق نووسی الله اکبر، بە خوێنی خۆی ئایەتی قورئانی دەنووسییەوە، نازناوی فارس، قائیدی عروبە، موئمین، ئەمین و شتی وای لەخۆی دەنا. ئەمانە هەموویان کۆدن و دەتوانین کلتووری بەعسی پێ بخوێنینەوە، هەر ئەو کۆدانەن کە بۆمان دەردەخەن کە کلتووری زەبروزەنگ و تیرۆر بەعس داینەهێناوە، بەڵکە بەعس تۆخی کردۆتەوە، گەشەی پێداوە. بەعس تیۆرییەکانی زەبروزەنگی پیادە کردووە.

شتێکی تری زۆر گرنگ کە نابێت لە بیری بکەین کاتێک کە لە ڕەهەندی قووڵایی ئەنفال دەکۆڵینەوە، ئەویش کلتوور و مێژووی خۆمانە "کورد". چونکە ڕژێمی بەعس کەڵکی لەوەش وەرگرتووەو دڵنیابووە لەوەی کە لە کوردستاندا ئەو زەمینەیە تەختە و دەتوانێت بە بێ مەترسی ئەو زەمینەیە بەکاربهێنێ و بیکات بە تاقیگەی چەکی کیمیایی و بیۆلۆژی، تیۆری ئەنفالی تیا پیادە بکات و هتد. بە خۆڕایی نەبوو کە بەعس لە پەلامارەکانی ئەنفالدا هێزەکانی جاش بکات بە چاوساخ و لە تاوانێکی وابەرفراوان بەشداریان بکات. بە خۆڕایی نەبوو کە لە ئەنفالدا دەرپێی ژنی کورد بە زیلەکانەوە

www.kurdistannet.org

هەڵبواسێ و وەک ئالا بیشەکێنێتەوە، کچی کورد بفرۆشێ بە مەلهاکانی میسر، بە پیاوانی وڵاتانی عەرەبی دراوسێی.

لە ڕاستیدا هەموو جوڵەیەک، هەموو ڕوویەک، سیمایەک لە ئەنفالدا کۆدن و دەبێت بخوێندرێنەوە و دەبێت زانستیانە لێیان ڕابمێنین. من زۆر لە کارەساتی ئەنفال ڕادەمێنم، هەر جارێک ڕامابێتم لەم کارەساتە هەستم کردووە سەرەداوی ترم دەستگیر بووە و کۆدی ترم دۆزیوەتەوە و نهێنی ترم بۆ ئاشکرا بووە.

کە بە چاویلکەی زانستی سیاسەت لە ئەنفال بڕوانی هەندێ شت دەبینی، بەڵام تەنها ئەم چاویلکەیە ناتوانێ گەورەیی کارەساتەکەت پیشان بدات. دەبێت چاویلکەی جیا بۆ هەر دیووێکی و بۆ هەر یەکێک لە ڕەهەندەکانی بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە کە بە دووربینی مێژوو بڕوانیتە کارەساتی ئەنفال زۆر فاکتەری پەیوەندیدار دەدۆزیتەوە لە ناو مێژووی ناوچەکە کە زەمینەی ئەو تووندوتیژییەت بۆ ڕووندەکەنەوە کە هەتا ئەمڕۆش لەو دەڤەرەدا درێژەی هەیەو لە ئەنفالدا گەیشتووەتە لووتکە. کە بە زەڕەبینی ئەنترۆپۆلۆژیا "کلتوورناسی" بڕوانینە ئەنفال، وردەکاری وا لە کلتووری ئەو دەڤەرەدا دەدۆزینەوە کە گرێدراون بە ئەنفالەوە. بە هەمان شێوەش چاویلکەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی و ئابووریناسی زۆر لایەنی تری ئەنفالمان پێ دەناسێنن. گرنگە ئێمە بە هەموو ئەو چاوانە و ئەو چاویلکانە، بە دووربین و بە زەڕەبین ئەنفال ببینین و لە ئەنفال بکۆڵینەوە.

سمکۆ/ بۆ وردبوونەوە و شیرۆڤەکردنی پەلاماری ئەنفالکردنی کورد، ئایا پێش هەر شتێ پێویستمان بە ناسینی بەعسە؟ یان دەکاری لە پرۆژەیەکی هەمەلایەنەدا کلتووری عەرەب و ئیسلام بناسین و دواتر بگەڕێینەوە لای مەسەلەی پێشووتر؟ دەنا چۆن؟

مەهاباد قەرەداغی: پێش هەموو شتێک پێویستمان بە پێناسەکردنی بەعسە، ناشتوانین بەعس پێناسە بکەین ئەگەر بەعسمان نەناسیبێت. بەعسناسی تەنها ئەوەندە نییە کە زەبروزەنگی بەعسمان بەرکەوتبێ و ئەوە بکەین بە بەڵگەی ناسینمان بۆ بەعس، بەڵکە بەعسناسی بریتییە لە شیتەڵکردنەوەی هەر بەشێک لە بەشەپێکهێنەراکانی ستركتووری بەعس و بەعسیزم. بەعس سەرەتا ناوی حیزبێک بوو دامەزرێنەرەکەی میشیل عەفلەق بوو، ئەو پیاوە هەر موسوڵمانیش نەبوو، وەک هەر حیزێکی تر لە پێویستییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی کۆڵیبووە و لەسەر ئەو بناغەیە کۆمەڵێ دروشمی بریقەداری داتاشی و وشەی سۆشیالیزمی کرد بە چەترێک و لە بنیەوە برەوی بە نەژادپەرستی دەدا. ململانێی دەسەلات و بۆ پایەدارکردنی بەعس و گرتنەدەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی و پاراستنی ئەو فەرمانڕەوایەتییە میتۆدی جۆراوجۆری زەبروزەنگ تاقیکرایەوە و پیادەکرا و، هەموو ئەو میتودانەی زەبروزەنگ کە لە ڕابردوودا و لەمێژوودا هەبوو، گەشەی پێدا و برەوداری کرد. هێدی هێدی ئەو زەبروزەنگە کرا بە نۆرمێک لە کۆمەڵگەدا. بوو بە سیمایەک کە بەعسی پێ بناسرێتەوە. بوو بە کلتوورێک، کلتوورێکی پشتبەستوو بە مێژووی نەتەوەی عەرەب و بە مێژووی ئیسلام، کلتووری عەرەب و کلتووری ئیسلام.

www.kurdistannet.org

کورتترین پێناسە بۆ بەعس ئەوەیە کە بڵێین بریتییە لە زەبروزەنگ و تیرۆر. زەقترین نموونەکانیش کە ئەم پێناسەیە بەڵگەدار بکات کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالە.

پ3/ بە چی پێوەرێک قسە لەسەر ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال بکەین؟ بە چ پێوەرێک و باکگراوندێک ئەو ترسە ڕەوایە؟ ئایا تا ئێستا لە گوتاری تاک و کۆی کوردیدا خوێندنەوەیەک هەیە بۆ ئەم لایەنە؟ ئەگەر نییە بۆ؟

مەهاباد قەرەداغی: لە ڕاستیدا هیچ پێوەرێک هێندەی داگیرکراوی کوردستان و ژێردەستەیی نەتەوەی کورد برەودار نییە بۆ پێوانەکردنی ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفال. هەتا کوردستان ولاتێکی داگیرکراو بێت ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفال لە ئارادایە. هەتا نەتەوەی کورد نەتەوەی ژێردەست و نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس نەتەوەی سەردەستە بن، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفال لە ئارادایە. خۆ مەرج نییە تەنها ناوی لێ بنرێت ئەنفال ئیدی ئەنفال بێت و جینۆساید بێت. بڕوانە لەم ماوەیەدا، لە قامیشلی چۆن کۆمەڵکوژی کرا و ڕژێمی بەعسی سوریا درێژەی بە ئاکارەکانی بەعسی عێراق دا لە پەلامارданی کوردەکاندا. تەنها ناوەکان جیان دەنا هەموو ئەو پەلامارە گەلکوژییانە هەر درێژەپێدەر و تەواوکەری ئەو کلتووری زەبروزەنگەن. بڕوانە لە یەکی شوباتی ئەمساڵدا چۆن کۆمەڵکوژییەک لەناوجەرگەی شاری هەولێردا ڕوویدا. ئەمانە هەموویان دەبێ کۆد بن و ڕووناکبیران و پسپۆرانمان بۆ خوێندنەوەیەکی جیاوازی ڕووداوەکان تەیار بکەن. ئەمانە کۆدن و دەبووایە بەخۆداچوونەوەیەکیان لە لای حیزبە کوردییەکان و سەرکردە کوردەکان بکردایەتە پێویستییەک. یەکپارچەیی خاکی عێراق، کە بووەتە قسەی سەرزار و بن زاری سەرانی کورد و مەخابن هەندێ لە ڕووناکبیرانیش، ئەو خەتەرەیە کە نیگەرانییەکی تەواویان بۆ کورد تێدایە و دووبارەکردنەوەی ئەنفال و کارەساتی لە شێوەی ئەنفالیان لە داهاتووشدا بۆ کورد تێدایە.

بە کورتی و کۆنکرێتی بڵێم، کورد دەبێ ماڵی جیا بێت، تەلاقی خۆی وەرگرێ لەو داگیرکەرانەی کە بە زۆر مارەیان کرد. ئەو پێکەوەژیانەی کورد و داگیرکەرەکانی هەرگیزاوهەرگیز ئارەزوومەندانە نییە و نابێت بە ئارەزوومەندانە. ئەمە ڕاستییەکە لە بەر ڕۆشنایی زانستەکاندا ڕوون و ئاشکرا دیارە، زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسی، کلتوورناسی، دەروونناسی و مێژوو و جوگرافیا و هەر زانستێکی تر دەگریت ئەم ڕاستییەت بۆ دەسەلمێنێ، ئیدی خۆهەڵخەڵەتاندنە بڵێین یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە دەکەین، کورد وەک نەتەوە ئەو ئارەزوووەی نەبووە و قەتیش نابێت، سەرکردەکانی کوردیش ئەمە چاک دەزانن، ڕەنگە سیاسەت وا بخوازێ ئەم قسەیە وەک تیۆری و بۆ تاکتیک بکەن، بەلام کارەسات ئەوەیە کە پراکتیزەی بکەن وبەڕاستیان بێت و ستراتیژی ئەوان بێت. کورد و داگیرکەرەکانی بە ئارەزوو لەگەڵ یەکتردا ناژین و بەزۆر و بە زەبری چەک و تۆقاندن مارەی کورد لەوان براوە و لەوەتیش پێکەوەدەژین کورد ستەمی لێ دەکرێت.

www.kurdistannet.org

ئەمە ڕێک وەک نموونەیەکی سادەی ڕۆژانە وایە کە ژنێک بە زۆر لە پیاوێک مارە دەکرێت و بەو وشەی "مارەبڕین"ە گوایە ئیدی پێکەوەژیانیان ڕەوایە، بەلام چونکە ئەو ژنە بەزۆر لەو پیاوە مارە براوە ژیانی لێ دەبێت بە زینهار، ئەو ژنە ڕۆژانە ئیغتیساب دەکرێت، کەچی چونکە مارەی بۆ ئەو پیاوە براوە بە ئیغتیساب بۆی حساب ناکرێت و بە ڕەواو بە حەلاڵ و شەرعی ناوزەد دەکرێت.

کرۆکی کێشەی کوردیش لەم نموونە سادەیە دەچێت. کورد بە ئارەزووومەندی لەگەڵ داگیرکەرەکانی ناژی، کورد ڕۆژانە ئیغتیساب دەکرێت. هەر ناولێنانێکی تر دەبێتە هەڵە و پەردەپۆشکردن و ڕەوایتیدان بە ناڕەواییەک. هەتا کورد نەتەوەی داگیرکراوبێت، ئەگەری ئەنفالکرادنی بەردەوارە و هەمیشە لە ئارادایە.

پ4/ جیاوازی لە نێوان ڕووناکبیر و سیاسەتکارانی کورد لە خوێندنەوەدا بۆ ئەنفال لە چیدایە؟ ئایا کورد بەدەر لە هەموو جیاوازییەکان پێویستی بە کۆدەنگی نییە بۆ ئەنفال و کەشفکردنی ڕەهەند و دەرەنجامەکانی؟

مەهاباد قەرەداغی: ئەم دوو وشەیەت جوان بەکار هێناوە "ڕووناکبیر" و "سیاسەتکار"، خودی ئەو دوو پاشگرە جیاوازییەکە ڕوون دەکەنەوە. ڕووناکبیر، لە پرۆسەی "بیرکردنەوە" و قووڵبوونەوە و ڕاماندا پێویستە لە ڕەهەندەکانی دیاردەیەک بکۆڵێتەوە، لە هۆکار و ئەنجامەکانی، لە کاریگەرییە دوور مەودا و نزیک مەوداکانی. سیاسەتکاریش پێویستە "کار" بۆ ئەوە بکات چۆن لە دیاردەیەک دەسکەوتی پۆزەتیڤ بۆ کۆمەڵگەکەی بەدەست دەهێنێت. ڕووناکبیر دەبێت لە پێش سیاسەتکارەوە بێت و چرای بۆ هەڵکات، نەک لە دوایەوە بێت یان لە تەنیشتییەوە و بێت و بە بێ چرا و بە چاوی نوقاوەوە هەردووکیان بەرەو هەڵدێر هەنگاو بهاون. مەبەستم لەم دەربڕینەش ئەوەیە ڕووناکبیر چونکە ئەرکی بیرکردنەوەی هەڵبژاردووە، پێویستە ئەو بیرەی خۆی بە ڕووناکی داڕێژێتەوە و بیکاتە پرۆژە و پلان و پێشکەشی سیاسەتکارانی بکات و داخوازی ئەوەیان لێ بکات کە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە بکەن.

نەهامەتییەک هەیە و لە ئارادایە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕووناکبیر و سیاسەتکار یەکتری ناخوێننەوە، یەکتریان خۆش ناوێ و یەکتری ڕەت دەکەنەوە. وەک دوو جەمسەری پێچەوانەی یەکتری کار دەکەن. سیاسەتکاران هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووناکبیران دووای خۆیان بخەن، یان هیچ نەبێت لە تەنیشت خۆیانەوە دایانبنێن. ڕووناکبیرانیش تا ڕادەیەکی زۆر بەمە قایل بوونە.

من ڕام وایە کە سیاستکاران هەڵەیەکی گەورە دەکەن و کاری خۆیان قورس دەکەنەوە ئەگەر ڕووناکبیران دووای خۆیان بخەن، یان نەیخوێننەوە، یان خۆشیان نەوێن، چونکە بەم کارەیان هەم ڕووناکبیران پاسیڤ دەکەنەوە لە بەشداریکردنی کارای ناو کۆمەڵگە و، هەمیش ڕووبەری بەرپرسیارێتی خۆیان لە ڕووداو و کارەساتەکان زۆرتر دەکەنەوە.

www.kurdistannet.org

بۆ نموونە کە شۆڕشێکی کورد هەرەس دێنێ و ئەشبەتاڵ ڕوودەدات تەنها سیاسی و سەرکردەکان بەرپرسیارن نەک ڕووناکبیران، چونکە سیاسییەکان ڕێگەیان بە ڕووناکبیران نەدابوو کە بەشداری کارایان هەبێت لە شۆڕشدا، ڕێگەیان نەدابوون بیربکەنەوە، ببنە چراهەڵگر و لە پێشیانەوە هەنگاو بنێن تا سیاسەتکارانیش لە بەر ڕووناکی ئەو چرایانە هەنگاو هەڵگرن و تووشی ئەو نسکۆیانە نەبن. ئەگەر ڕووناکبیران بەشداری کارا بوونایە لە شۆڕشدا و لەگەڵ ئەوەشدا نسکۆ و ئاشبەتاڵ و هەرەس ڕووی دابا ئەو کاتە بەرپرسیارێتی ئەو هەرەسە تەنها سیاسەتمەدار و سەرکردەی کوردی نەدەگرتەوە و ڕووناکبیرەکانیش بەرپرسیار دەبوون.

بە هەمان شێوەش ڕووناکبیر هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر ڕۆڵی بەدوای سیاستکارداکەوتوو قبوڵ بکات، یان سیاسەتکاران نەخوێنێتەوە و خۆشیان نەوێن. بە ڕای من ڕووناکبیر هەمیشە دەبێت تەقەلای ئەوە بکات کە پاسیف نەبێت لە پرۆژەدانان و پلاندانان، لە بیرکردنەوە و ڕێپیشاندان بە سیاسەتکاران "ئەگەرچی ئەوانیش گوێی لێ نەگرن" ، چونکە بەو کارەی هاوکات ئەرکی ڕووناکبیرانەی خۆی ڕاپەڕاندووە و ئەو تۆمەتەشی ڕەتکردۆتەوە کە هەمیشە سیاسەتمەداران بۆ ڕووناکبیرانیان هەڵبەستووە و پێیان دەڵێن "بێ هەڵوێست". ڕووناکبیر پێویستە ڕەخنە لە سیاسەتکار بگرێت، بەلام نەک بەو واتەی کە ڕقی لێی بێت، نا، بەڵکە بەو واتایەی کە ڕێی پیشان بدات، کە کارەکەی تەواو بکات، کە بەرپرسیارێتی لەگەڵدا بەش بکات.

پ5/ ئەنفال جیا لە بێسەروشوێنکردنی 182 هەزار مرۆڤ و سوتاندن و خاپوورکردنی 4500 گوند و سوتاندنی ڕەز و باخ و بە تالانبردنی سەروەت و سامانی دانیشتوانی شوێنە ئەنفالکراوەکان، کۆمەڵێ نەخۆشی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بەردەوامیش درێژەیان هەیە، ئایا ئەم حاڵەتە کە لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی و دەروونی بە خەستی دەگرێتەوە، لە ... گووتاری ئەنفالکردنی کورد خۆی دەبینێتەوە؟

مەهاباد قەرەداغی: ئەنفال ڕووداوێک یان کارەساتێک نییە ڕاگوزەرێ. برینێک نییە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا شوێنەکەی خۆش بێتەوە و سارێژ ببێت. ئەنفال کاتاستڕۆفێکە بە مانای دەستەواژەی کاتاستڕۆف گەورە و چڕ و پڕ لە وردەرووداو و وردەکارەسات و کاریگەریی جۆراوجۆرە. کارەساتی ئەنفال لە هەر گۆشەیەکییەوە تێی بڕوانی کۆمەڵێک دیاردە دەخاتە ڕوو، کۆمەڵێک کاریگەری دەستنیشان دەکات، کۆمەڵێک فاکتەی تر دەدا بە دەستەوە. لە کۆنتێکستی ئەنفالدا دەتوانین کاریگەری سیاسی، کلتووری، کۆمەلایەتی،دەروونی، ئابووری، یاسایی و ئایینی و ئەخلاقی ببینین. دەتوانین کاریگەری کورت مەودا و درێژ مەودا ببینین. بۆیە گرنگە ئێمە تەنها لە ڕووانگەی سۆزەوە نەڕوانینە کاتاستڕۆفی ئەنفال، بەڵکە ڕاشونێل((عەقلانی)) بۆ ئەو دیاردانە و خودی کاتاستڕۆفەکە و کاریگەرییەکانی بڕوانین. پێویستە کاتاستڕۆفی ئەنفال جگە لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان بکرێت بە مەعریفەش. کاری پسپۆڕانە هەر یەک لە بواری پسپۆڕێتی

www.kurdistannet.org

خۆیەوە و بەو زانستانەی کە تیا شارەزایە ئەنفال شیبکاتەوە و گۆشەیەک لە ئەنفال بکات بە مەعریفە.
سمکۆ/ چی بکەین بۆئەوەی ئەنفال بکەینە مەسەلەیەکی میللی؟

مەهاباد قەرەداغی: هەرکەسێکمان خۆمان بە خاوەنی بزانین، هەر یەک لە ئێمە و لە ئاستی خۆیەوە ئەرکی بەنەتەوەیی کردنی ئەنفالی هەیە. کاتێ لە زانکۆی سنە کۆنفرانسێک سەبارەت بە ئەنفال دەکرێت مانای ئەوەیە کوردی بندەستی ڕژێمی ئێرانیش خۆی بە خاوەنی ئەنفال دەزانێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت لێی بکۆڵێتەوە. بە هەمان شێوە کە دەرهێنەرێکی کورد لە شاری سنەوە دێت و فیلمێک لەسەر ئەنفال ساز دەکات، وەک ئەوەی کە دەرهێنەری بلیمەت "بەهمەنی قوبادی" کردی و چمکێک لەو کاراساتانەی بەشێکی داگیرکراوی ولاتەکەی خۆی لە چاوی کامیرایەکی وردبینەوە پیشانی دنیا دا. ئەنفال دەبێت ڕۆژێکی بۆ دیاری بکرێت و بکرێت بە پرسە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بە هەمان شێوەش کارەساتی هەڵەبجە. بە میللی بکرێت و بە جیهانی بکرێت. وەک چۆن کەس نەماوە ناوی کارەساتی هۆلۆکۆستی جولەکەی لە ئەڵمانیای نازی نەبیستبێت، پێویستە کەس نەمێنێ ناوی ئەنفالی کوردی عێراقی بەعسی نەبیستێت. ئەمە ئەرکی هەمووومانە بیکەین.

سمکۆ/ هەڵوێستی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامی و عەرەبییەکان چۆن لێکدەدەیتەوە بە تایبەت لە ئەنفال؟
مەهاباد قەرەداغی: هەڵوێستی چی؟ من چاوەڕێی هیچ هەڵوێستێک لەوان ناکەم. زۆر لە ولاتانی عەرەبی ئاگاداری کارەساتی ئەنفال بوونە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدار بوونە تێیدا. بۆیە لە سەرەتاوە گووتم ئێمە تەنها بەعس بە تاوانبار دەزانین و ڕۆڵی ئەوانی تر لە بیر دەکەین. کاتێک کە چەندان کوڕ و کچی ئەنفالکراو لە گوللەباران هەڵهاتوون و ڕوویان لە ولاتێکی وەکو سعودی عەرەبی کردووە و لە جیاتی هەموو لێپرسینەوەیەک لەو کارەساتە گەورەیەی گەلێک بە دەستی ولاتە موسوڵمانەکەی دراوسێیانەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە، چییان کرد؟ تەنها کچەکانیان لە چەند پیاوێک مارەکردووە و بە پێی شەرع ئیغتیسابیان کردوون. لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی حاجییەکی کوردی دانیشتووی شاری خانەقینەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە چوار کچ و سێ کوڕی کورد لە ئەنفال دەرباز بوون و کەوتوونەتە ئەو ولاتەوە. کچەکان ئێستا ژنی چەند پیاوێکی ئەو ولاتەن و کوڕەکانیش نازانین چییان لێ بەسەر هاتووە. ڕاستە دکومینتمان لەسەر هەموویان نییە، بەلام فرۆشتنی پۆلێک کچی گەنجی کورد بە دەوڵەتی میسر و بۆ کارپێکردنیان لە مەلهاکاندا بەڵگەمان هەیە، قسەی واشمان زۆر بیستووە کە کچان بە پیاوانی کوەیتی، ئیماراتی، قەتەری و یەمەنی فرۆشراون.
واتە ئەم ولاتانە زانیویانە چی لە ئارادایە و بە جۆرێک بەشداری ئەم ڕووداوە بوون. ڕێکخراوەکانی ئیسلامیش دەڵێیت، دیارە ڕوونە بۆ هەڵوێستیان نەبووە لەم مەسەلەیەدا و دیسانەوە لەوانیش چاوەڕێی هیچ هەڵوێستێک ناکرێت. چونکە کە ئیسلامەتی چووە قاڵبی حیزب و ڕێکخراو و سیاسەتەوە، خۆی دەبێتە بەشێک لە ململانێکان. خۆ ئێستا ڕوونتر دیارە کە چۆن ڕێکخراوی بەناوی ئیسلامی دروستکراو لەگەڵ بەعسدا هاوپەیمان

www.kurdistannet.org

و دۆست بوون و چۆن عێراق سەربازگەیەک بووە بۆ پەروەردەکردنی تیرۆرستان و بڵاوکردنەوەیان بۆ ناو دنیا، ئیدی چاوەڕێی چی هەڵوێستێک لەم ڕێکخراوەنە بکرێت!

2004/05/22

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org